## خۆر ... كامەران بەرزنجی

خۆریان لە نیوەڕۆدا ئاوا كرد
مانگیان لە ڕۆژدا ئارا كرد
ئێوارەیە و شەوەزەنگەو ئەستێرەكان
هەموو بۆ یەك گلەیی یان بەیان كرد
جا مانیان گرت لە ئاسمان
پرشنگیان لە رووی خاكم پەنهان كرد
ئاسمانم پەی پەی نووكی پێنووس كرد
دێڕی ئاگرینی برووسكەم بینا كرد
با بسووتی پێنووس و پەنجەكەم
تا شوێنێكی بۆ مانگەكەم هێما كرد
تروسكی سۆمام بەخشی بە ڕوویدا
كە پرژانی هەزار هالەی نیگا كرد
لەو ئاسمانە بی دەنگە ترسێنەرە
تەنها دەنگم لە حەوت تەبەق سەدای كرد
بۆ نالەی من پەری یان و فریشتە
بۆ یەزدانمان حەوت ڕكاعەت نوێژیان كرد
بە من ئەڵی ئەو خودایە نامكوژی
ووتم خواوەند بۆیە ئەتۆی خەڵق كرد
تا زیندوویم بە بی جبریل سپارد كرد
ئەو خودایە نابەخشی شادی پێم
وەلی تۆشی لە نسیبم وەلا كرد